سودانی: جەختی لە بەردەوامبوونی عێراق کردەوە بە نەهێشتنی باندە تیرۆریستییەکان

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی جەختی لە بەردەوامبوونی عێراق کردەوە بە نەهێشتنی باندە تیرۆریستییەکان.

بەگوێرەی هاگەیاندراوەکی نوسینگەی هاگەیاندنی سەرۆک وەزیران تیایدا هاتووە"سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمە یەکشەممە پەشوازی کرد لە فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانی نەودەوەتی بە بەرەنگاربوونەوەی داعش لە عێراق و سوریا جەنەرال کەفن لیهی بە ئامادەبوونی بەرپرسی کاروباری ئەمریکا لە عێراق دانیال روبینستین.

وتیشی لە میانی دیدارەکەدا پەداچوونەوە بە دەخی گشتی ئەمنی ناوچەکە کرا لەگەڵ بەردەوامبوون لە هاوکارییەکانی نێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هاوڕێکارانی هاوپەیمانان بە بەدواداچوون بە پاشماوەکانی تیرۆرستانی داعش.

لە بەشێکی تری دیدارەکەدا سەرۆکی ئینجومەنی وەزیرانی عێراق جەختی لە بەردەوامبوونی عێراق کردەوە بە نەهێشتنی باندە تیرۆریستییەکان، کە چیتر پەگە و پەیوەندییان لەگەڵ دانیشتواندا نەماوە،

ئاماژەی بە ئەوەکرد کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەدەست هاتووە لە ڕووی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی عێراق و دەستبەرکردنی مەیدانی و تەکنیکی بە ئەو ناوچانەی کە دەروازەیەک بوون بە پێناوەه گروپە تیرۆریستییەکان.

هەر لە دیدارەکەدا جەخت کرایەوە لەسەر پابەندبوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرامبەر عێراق و بەردەوامبوون لە بەرنامە هاوبەشەکان و خستنەڕووی ئاستی ئەو توانا و کۆنترۆڵەی کە هەزە چەکدارەکانی عێراق لە پێکهاتە جەراوجەرەکانیاندا پێی گەیشتوون، و توانای هەواگری پشوەخت کە لەگەڵ هەموو بەاوپەکردنە ئەمنییەکاندا لەگەڵیاندایە، جگە لە پەرەپێدانی تواناکانی ڕاونانی هەر چالاکیەکی تاوانکاری یان تیرۆریستی سنووربەزێن.